# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات

ژمارە (٩٥) چاپی یەکەم سالی هەشتەم ٢٠٠٨/١٢/٣٠ م ٩/بەفرانبار/٢٧٠٨ کوردی ٢/محرم/١٤٢٩ کۆچی

## لەم ژمارەیەدا:

95

* یاسای ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠٠٨........................ لا ١
یاسای هەموار کردنی جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە(١٨٨)ی سالی ١٩٥٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق دا.

* یاسای ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠٠٨........................ لا ٨
یاسای پەسندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان ـ عێراق دا.

* ڕێنمایی ژمارە(٤٦)ی وەزارەتی دارایی سالی ٢٠٠٨........................ لا ١٠

* ڕێنمایی ژمارە(٤٧)ی وەزارەتی دارایی سالی ٢٠٠٨........................ لا ١٢

* ڕێنمایی ژمارە(٤٨ و ٤٩)ی وەزارەتی دارایی سالی ٢٠٠٨........................ لا ١٣

* ڕێنمایی ژمارە(٥٠ و ٥١)ی وەزارەتی دارایی سالی ٢٠٠٨........................ لا ١٤

* پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی سالی ٢٠٠٨. لا ٢٣

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد. .
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

نرخی ٧٥٠ دینارە

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (٩٥) الطبعة الاولى السنة الثامنة ٣٠/١٢/٢٠٠٨ م ٩/بەفرانبار/٢٧٠٨ كوردي ٢/ محرم/ ١٤٢٩ هـ

## في هذا العدد:

قانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٨........................................ ص ١٥
قانون قانون تعديل تطبيق قانون الأحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل إقليم كوردستان – العراق.

قانون رقم (١٦) لسنة ٢٠٠٨........................................ ص ٢١
قانون إقرار دستور إقليم كوردستان . العراق.

النظام الداخلي لمجلس قضاء إقليم كوردستان-العراق........................ ص ٢٣

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية**

تعليمات رقم ( ٤٦ ) لسنة ٢٠٠٨ وزارة المالية........................ ص ٢

تعليمات رقم ( ٤٧ ) لسنة ٢٠٠٨ وزارة المالية........................ ص ٥

تعليمات رقم ( ٤٨ ) لسنة ٢٠٠٨ وزارة المالية........................ ص ٦

تعليمات رقم ( ٤٩ و ٥٠ ) لسنة ٢٠٠٨ وزارة المالية........................ ص ٧

تعليمات رقم ( ٥١ ) لسنة ٢٠٠٨ وزارة المالية........................ ص ٨

No.:95 Date : Dec,30, 2008 Vol. : 8

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ -٢٢٤٥٥٠٧ -٠٧٥٠٤٧٢١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٦)ی رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٣دا ئەم یاسایەی دەرکرد:–

## یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨
## یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم: کارکردن بەبڕگە (١) لەماددەی (سێیەم) لەیاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو، لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١– هاوسەرگیریی گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا کە بە هۆیەوە هەریەک بۆ ئەوەکەی دی بە پێی شەرع حەلاڵ دەبێ و مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لە سەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی و بەر پرسیارییێتی هاوبەش بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

دووەم: کارکردن بە بڕگەکانی (٤،٥،٦،٧)ی ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**نابێ هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێك پتر بکرێت مەگەر بە رێگەپێدانی دادوەرنەبێ، دەبێ رێگەدانیش ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:**

**أ– لەبەردەم دادگا رەزامەندیی هاوسەری یەکەم لە سەر ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ.**

**ب– تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشیەکی درێژخایەنی سەلمێنراو کە ڕێگە لە کاری سەرجێی ژن و مێردایەتی بگرێ و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ، یاخود نەزۆك بێ. کە بە راپۆرتی لیژنەی تایبەتی پزیشکی سەلمێنرابێ.**

**ج– ئەو پیاوەی ژنی دووەم دێنێ توانای دارایی وای هەبێ کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێك بکات و ئەمەش دەبێ بە بەڵگەنامەی فەرمی بسەلمێنێ و لە کاتی رێکاری گرێبەندی هاوسەرگیریەکەدا پێشکەش بە دادگای بکات.**

**د– دەبێ مێردەکە لە بەردەم دادگا بەڵێنامەیەك بە نووسین بەر لە گرێبەندیی هاوسەرگیریی پێشکەش بکات بە بەدیهێنانی دادپەروەری‌و یەکسانی لە نێوانی هەردوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێی هاوسەری و پەیوەندییەکانی دیکەی هاوسەرگیریی لەڕووی (ماددی و مەعنەوی)یەوە.**

**هـ– نابێ ژنەکە ئەو مەرجەی لە گرێبەندی هاوسەرگیریی دانابێ، کە هەوێی بەسەر نەیەت.**

**و– هەر کەسێکی گرێبەندی هاوسەرگیریی بۆ زیاتر لە ژنێك بە پێچەوانەی هەریەك لە بڕگەکانی (أ،ب،ج،د،هـ) لە (دووەم)ی ئەم ماددەیە کرد، بەحەپس کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەکی دە ملیۆن دیناریش سزادەدرێ.**

**ز– نابێ دادوەر جیبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە بڕگەی (و) دا هاتوون ڕابگرێ.**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دووەم:**

كاركردن بە حوكمی ماددەی پێنجەم لەیاساكەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەو جێی دەگرێتەوە:

**شایستەیی لە گرێبەندی هاوسەرگیریی بە بوونی ئەو مەرجانە دێتە دی، كە پێویستە لە هاوگرێبەندەكان هەبن یان لەوانەی جێیان دەگرنەوە بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی سێیەم:**

یەكەم: كاركردن بە بەندی/د لە بڕگەی (١)ی ماددەی شەشەم ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

-١

**د- شایەدی دانی دوو شایەد كە شایستەیی یاساییان هەبێ بۆ گرێبەندی هاوسەرگیرییەكە لێرەدا ژن و پیاو یەكسانن.**

دووەم: بڕگەیەك بەزنجیرە(٥) دەخرێتە سەر ماددەكە بەم شێوەیە خوارەوە:

**٥- هاوسەرەكە بۆی هەیە لە كاتی گرێبەندی هاوسەرگیریدا مێردەكەی مافی ئەوەی بداتێ كە بۆی هەبێ تەلاقی بەدەست بێ.**

**ماددەی چوارەم:**

كاركردن بە حوكمی بڕگە (٢) لە ماددەی حەوتەم لەم یاسایەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**٢- دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بدات بەیەك لە دوو هاوسەرەكان گەر نەخۆشی ئەقڵی هەبێ هاوسەرگیریی بكات ئەگەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشكی تایبەتمەند دەركەوت هاوسەرگیرییەكەی زیان بە كۆمەڵگا ناگەیەنی و لە بەرژەوەندیی خۆیەتی بەمەرجێك هاوسەرەكەی دیكەی بە روونی و بە نووسین رازی بێ لە كاتی گرێبەندیی هاوسەرگیرییەكەیدا.**

**ماددەی پێنجەم:**

یەكەم:كاركردن بە حوكمی بڕگە(١) لەماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**١- هەر كەسێك شازدە ساڵی تەمەنی تەواوكرد و داوای هاوسەرگیریی كرد، دادوەر بۆی هەیە ڕێگەی پێ بدات،ئەگەر دەركەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیەو ئەمەش دوای ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار (وەلی)ی شەرعی دەبێ و ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگربوو،ئەوا دادوەر داوای لێدەكات لە ماوەیەكی دیاریكراودا قایل بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت یان ڕەخنەكەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێی پێ بدرێ، ئەوا دادوەر ڕێگەی ئەو هاوسەرگیرییە دەدات.**

دووەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی (٣) دەخرێتە سەر ماددەكەو بەم جۆرەی خوارەوە:

**٣- دایك بە سەرپەرشتیار (وەلی) ئەمر دادەنرێ كە باوك مردبی یان، دیارنەبێو دایكەكە بەخێوی كردبی و لەلای بێ.**

**ماددەی شەشەم:**

كاركردن بە بڕگەكانی (٢،١)ی ماددەی نۆیەم لە یاساكەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١- نابێ هیچ خزمێك یان كەسێكی بیانی یەكێك ناچاربكات چ نێر بێ و چ مێ بۆ هاوسەرگیریی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی و گرێبەندی بە زۆری بە نادروست دادەنرێ، ئەگەر نەچووبێتە پەردەوەو لە گەڵی جووت نەبووبێ و ئەگەر چووبیش ئەوا ڕادەگیرێ. هەروەها كەسێك لە خزمان یا جیا لەوانیش ڕێگە لە یەكێك بگرێ كە شایستەیی هاوسەرگیرییە بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بۆ هاوسەرگیریی.**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢- هەرکەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ئەم ماددەیە بکات بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ سزادەدرێ ئەگەر لە خزمەکانی پلە یەك بێ، بەڵام گەر سەرپێچی کەر لە ئەوان نەبوو ئەوا سزاکەی حەپس کردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ یاخود بەندکردنی بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ زیاتر نەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

کارکردن بە حوکمی بڕگەکانی (٥،٢) لە ماددەی دەیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

٢- بەیاننامەکە بە ڕاپۆرتێکەوە دەلکێندرێ کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەرچووەو پشتگیریی تەندروستی هەردوو هاوسەرەکە دەکەن لە نەخۆشی (کەمی بەرگەگرتن)ی تووشبوو و بەرهەڵستی تەندروستی و بە بەڵگەنامەی دیکەش کە یاسا دەیکاتە مەرج.

٥- هەر کەسێك گرێبەندی هاوسەرگیریی لە دەرەوەی دادگا بکات بە غەرامەیەك سزا دەدریت کە لە ملیۆنێك دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ و سزاکەی حەپس کردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لەژیانی هاوسەری دا لە دەرەوەی دادگا گرێدا.

**ماددەی هەشتەم:**

کـــارکــردن بە مـــاددەی بیست و سێیەم لە یـــــاســـــاکەدا ڕادەگــیری و ئەمەی خــوارەوە جێی دەگـــــرێتەوە:-

نەفەقەی ژن دەکەوێتە سەرشانی پیاوەکەی، بەڵام لەو حاڵەتەی کە ژنەکە هەبووبێ، ئەوا بەرپرسیاریەکە هاوبەش دەبێ ئەگەر ژنەکە قایل بوو.

**ماددەی نۆیەم:**

کارکردن بە بڕگە (١) ی مـــــاددەی بیست و چوارەم لە یــاســــاکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خــوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

١- نەفەقەی ژنێك کە هیچ پەیوەست بوونی ژن و مێردایەتی تێکنەدابێ کە لەم یاسایەدا هاتوون بە قەرز دادەنرێ و لە ئەستۆی مێردەکەیدا، دەبێ لەو کاتەی کە مێرد لە خەرج کردنی ئەو نەفەقەیە دەوەستێ و نایدات.

**ماددەی دەیەم:**

کـــــارکردن بە حوکمەکانی مــــاددەی بیست و پێنجەم لە یــاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خــوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

یەکەم: لاساری (نشوز): بریتیە لە خۆ بە گەورە زانینی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە لەسەر ئەوەکەی دیکەیان وەکو ئەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- مێرد ژنەکەی بە جێبێڵێ یاخود، ژنەکە ماڵی مێردی بەبێ مۆڵەتو بەبێ ڕووی شەرعی جێبێڵێ.

٢- بە خراپی جێبەجێ کردنی ئەرکی هاوسەرگیریی هەریەك لەدوو هاوسەرەکە یان کەموکوڕی نواند بە مەبەستی زیان گەیاندن بە هاوسەرەکەی دی.

٣- ئامادە نەکردنی ماڵی شەرعی لەلایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی بە جۆرێك کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بگونجێ.

٤- قەدەغەکردنی مێرد یا ژن بۆ هاتنە ناو ماڵ بەبێ پاساوێکی شەرعی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: پێویستە لە سەر دادگا پەلە نەکات لە دەرچواندنی حوکمەکەی بە لاساری یەك لە دوو هاوسەرەکە تاکو بە تەواوی ئاگاداری هۆیەکانی لاساری نەبێ و دەبێ هەموو هەوڵەکانی بە کاربێنێ بۆ نەهێشتنی ئەو هۆیانەی ڕێگرن لە پێشی.

سێیەم: لاساری بە هۆیەك لە هۆیەکانی لێك جودابوونەوە دادەنرێ دوای تێپەڕبوونی شەشە مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- ئەگەر پیاوەکە خۆی لاسار بوو، ئەوا پێویستە نەفەقەی ژنەکەی بە درێژایی ماوەی لاساری بدات و لە باری جودابوونەوەشدا، پێویستە مارەیی پاشەکی و نەفەقەی عیددە بدات و قەرەبووی ئەوەی کەوتۆتەسەری بکاتەوە ئەگەر هاتبێتە سەری.

٢-ئەگەر ژنەکە لاسار بوو، ئەوا لە نەفەقە بێبەش دەکرێ و مارەییە پاشەکیەشی ناکەوێ لەحالەتی لێك جودابوونەوە لە یەکتری دوای چوونە پەردە(دخول)، ئەگەر هەموو مارەییەکەی وەرگرتبێ، دەبێ نیوەی ئەوەی وەری گرتووە بیگێڕێتەوە، بەلاَم ئەگەر جودابوونەوەکە بەر لە چوونە پەردەوە بێت، ئەوا مارەیی پاشەکیەکەی ناکەوێ و ناچار دەکرێ ئەوەی وەری گرتووە لە مارەیی پێشەکی بیگەڕێنێتەوە.

چوارەم: لێك جودابوونەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە بە تەلاَقی (بائین) دادەنرێ لە جۆری (بەینونە)ی بچووك.

**ماددەی یازدەم:**

کــارکردن بە حوکمی ماددەکانی بیست و نۆیەم و سییەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:

(ئەگەر مێرد بەبێ نەفەقە ژنەکەی جێهێشت و خۆی بزر کرد یان نەهاتەوە، یاخود ون بوو یان بەندکرا، دادوەر حوکمی خۆی دەدات بە دانی نەفەقە لە ڕۆژی بەجێهێشتن و سندووقی چاودێری کۆمەلاَیەتی نەفەقەی خەملێندراوخەرج دەکات).

**ماددەی دوازدەم:**

کــارکـــردن بە حوکمی مـــاددەی سی و سێیەم لە یـاســـاکەدا رادەگــیرێ و ئەمەی خــوارەوە جێی دەگــرێتەوە:

(هیچ ملپێکەچکردنێك لەلایەن مێردەوە ناسەپێندرێتە سەر ژن و ژنەکەش نایسەپێنێتە سەر مێردەکەی بۆهەر کارێك کە پێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەت و یاسابێ).

**ماددەی سێزدەم:**

کــارکــردن بە حوکمی مـــاددەی ســی وچــوارەم لە یـــاســـاکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

یەکەم: تەلاَقدان بریتیە لە هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیریی بە شێوەیەکی راشکاو کە شەرع و یاسا دەلالەتی لەسەر دەکەن بەبێ بەستنەوە بە دارشتنێکی سنووردار، یان زمانێکی دیاری کراو بە کەوتنی لەلایەن مێرد یان ژن ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان سەر پشك کرابێت یاخود لە دادوەرەوە بێ.

دووەم: گوێ بە وەکالەت نادرێ لە کاتی رێکارەکانی تۆژینەوەی کۆمەلاَیەتی و تەحکیم و لە کەتنی تەلاَق، ئەگەر بەربەستێك نەبێ لە ئامادەبوونی یەکێك لەدوو هاوسەرەکە.

سێیەم: گوێ بە تەلاَق نادرێ بە ئامادەبوونی دوو شایەدی ڕاستگۆ نەبێ لە کاتی کەوتنیدا یان دان پێدانانی لەبەردەم هەردووکیان یان لەبەردەم دادوەردا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی چواردەم:**

کارکردن بە ماددەی سی و پێنجەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

١- تەلاّقی سەرخۆش یان شێت و کەم ئەقل و ناچارکراو یان ئەو کەسەی شت لێك جیاناکاتەوە لە ئەنجامی تووڕەیی یان کارەساتی کتوپڕیاخود پیریی یان نەخۆشی ناکەوێ.

٢- تەلاّقی ئەو نەخۆشە دەکەوێ کە نەخۆشی مەرگێتی یان لە بارێکدا بووە کە ئەگەری لە ناوچوونی زۆربێ، ئەگەر لەو نەخۆشیەدا یان لەو حاڵەتەدا مرد، بە مەرجێك هەستی جیاکردنەوەی لە دەست نەدابێت، ژنەکەی دەبێتە میراتگری هەرچەندە تەلاّقەکەش (بائین) بێت.

**ماددەی پازدەم:**

کارکردن بە حوکمی بڕگەی (٢) لە ماددەی سی و حەوتەم لە یاساکەدا ڕادەگیریی و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

ئەو تەلاّقە ناکەوێ کە بە ژمارە گوتراوە یا، بە هێما، مەگەر یەکێك نەبێ و تەلاقی (موعتەددە)ش ناکەوێ.

**ماددەی شازدەم:**

کارکردن بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی سی و هەشتەم لە یاساکەدا رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

تەلاّق دوو بەشە:

١-گێڕانەوەیی(رەجعی): دەشێ مێرد لەکاتی عیددە سەردانی ژنەکەی بکات بێ گرێبەستکردنەوە بە مەرجێك ئارەزووی هەردووکیان لەسەر چاکبوونەوەبێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

یەکەم: کارکردن بە حوکمی بڕگەکانی (٢، ٣)ی ماددەی سی و نۆیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

٢- مێرد ناچار دەکرێت گۆژمە پارەیەك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ لە سندوقێکی تایبەتی چاودێری خێزان دابنێ لەلای دادگا لەکاتی بەرزکردنەوەی داوای تەلاّق .

٣- ئەگەر مێرد ژنەکەی تەلاّق دا و لەلای دادگا ساغ بووەوە کە پیاوەکە خەتابارە لە تەلاّق دانی و ژنەکەی لەو بارەیەوە تووشی زیان بووبوو، ئەوا دادگا حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە پێشکەشی دەکات، بەوەی کە پیاوەکەی تەلاّقی داوە قەرەبووێکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایی و پلەی خەتاو توندوتیژیەکەیداو تێکرا تەخمین دەکرێ بە مەرجێك کەمتر نەبێ لە نەفەقەی سێ ساڵ و زیاتریش نەبێ لە پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون.

دووەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی(٤) دەخرێتە سەر ماددەکە بەم جۆرەی خوارەوە:

٤- حکومەتی هەرێم چاودێری ژنی تەلاّقدراوکە هیچ دەستکەوتێکی نەبێ دەخاتە ئەستۆی خۆی و پارەیەکی مانگانەی لەلایەن چاودێری کۆمەلاّیەتی بۆ تەرخان دەکرێ ، تاکو دەرفەتێکی کارکردنی بۆ دەرەخسێ، یاخود شوو دەکاتەوە.

**ماددەی هەژدەم:**

کارکردن بە بڕگەی (٥)ی ماددەی چلەمین لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

٥- ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی لێك جودابوونەوەی دەبێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی نۆزدەم:**

یەکەم: کارکردن بە (١،٢) لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی چل و سێیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

١-ئەگەر مێردەکەی بەندکرا بە سزایەك ئازادی موقەییەد بکات بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ و زیاتر ، دوای ساڵێك لە جێبەجێ کردنی ، هەرچەندە دەرامەتی هەبێ و خەرجی بکات.

٢-ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ ساڵێك و زیاتر بە بێ پاساوی ڕەوا بەجێهێشت و هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێبوونی دیاربێ و دەرامەتی وای هەبێ لێی خەرج بکات.

دووەم: کارکردن بە حوکمی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چل و سێیەم لە یاساکە لە هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێ.

**ماددەی بیستەم:**

کارکردن بە حوکمی ماددەی چل و چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(دەشێ هۆیەکانی لێك جودابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیریی بە هەموو هۆیەکانی سەلماندن و لەوانەش ئەو شایەدییانەی کە گوێیان لێگیراوە، ئەگەر بە تەواوتر هاتبێ و ئەمەش دادگا دیاری دەکات، بەدەر لەو حاڵەتانەی کە یاسا هۆیە دیاریکراوەکانی سەلماندنیانی دەستنیشانکردووە.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

کارکردن بە بڕگەکانی (١،٣) لە ماددەی چل و شەشەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

١-لابردنی کۆتی هاوسەرگیری (خولع) بە دەربڕینی (خولع)ە یاخود بەوەی کە ماناکەی دەبەخشێ، بەرامبەر قەرەبوو کردنەوەیەك زیاتر نەبێ لەوەی وەریگرتووە لە مارەیی دیاریکراو و مەرجیش نییە مێردەکە بەو (خولع)ە ڕازی بێ ئەگەر دەرکەوت بۆ دادوەر لە ڕێگەی تەحکیمەوە کە ژنەکە ناتوانێ لە گەڵیدا بژی.

**ماددەی بیست و دووەم:**

کارکردن بە ماددەی پەنجایەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(دەبێ نەفەقەی عیددە بۆ ژنە تەڵاقدراوەکە لەسەر مێردە زیندووەکەی بێ و هیچ نەفەقەیەك بەناوی عیددەی مردن نادرێت).

**ماددەی بیست و سێیەم:**

کارکردن بە ماددەی پەنجاو هەشتەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خواراوە جێی دەگرێتەوە:-

نەفەقەی هەر مرۆڤێك لەماڵی خۆیەتی تەنیا ژن نەفەقەکەی لەسەر مێردییێتی لەکاتی گرێبەندی تەواودا.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

کارکردن بە ماددەی حەفتاو چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

١-ئەگەر ڕۆڵە ی ڕۆڵە لەگەڵ ڕۆڵەدا کۆبوونەوە یاخود ڕۆڵەی ڕۆڵەی ڕۆڵە لەگەڵ ڕۆڵەی ڕۆڵەدا کۆبوونەوە و ئەگەر هاتنە خوارەوەش جێی باوکی کۆچکردوویان یان دایکی کۆچکردوویان دەگرنەوە و ئەوەی دەیانکەوێ لە میرات بۆیان دێتە خوار هەرچەندە لە ژیانیش دامابێ، بەمەرجێك لە سێیەکی میراتەکە زیاتر نەبێ، ئەگەر میراتیان نەگرت و باپیر یان داپیر ئەوەی دەیان کەوێ پێیان نەدان و ئەگەر کەمتریان پێدان لەوەسیەتی واجیب بۆیان تەواو دەکرێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢-حوكمەكانى وەسيەتى واجيب رۆڵەكانى براو خوشكانيش دەگرێتەوە جا ئەگەر نێر بن ياخود مێ و ئەگەر هاتنە خوارەوەش و بۆ هەردوو هاوسەريش دێتە خوار ئەگەر ژنەكە ئەهلى كيتاب بێ.

٣- خاوەن ميرات لە سەردەمى ژيانيدا بۆى هەيە ماڵەكەى خۆى بەسەر ميراتگرانى نێرو مێ بەيەكسانى دابەش بكات، ياخود ئەمە رابسپێرێ بەمەرجێك لەسێ يەكى ميراتەكە زياتر نەبێ و بەرەزامەندیى ئەوانى تربێ ئەگەر لەسێيەك پتربوو.

٤-خاوەن ميرات بۆى هەيە رابسپێرێ پتر نەبێ لە سێيەكى ميراتەكەى بدات بە ميراتگرێك.

٥-ئەگەر وەسيەتى ئەرك (واجيب) ناكۆك بوو لەگەڵ وەسيەتى هەلبژێدراو(ئيختيارى) ئەوەى يەكەميان پێش هى دووەميان دەخرێ.

**ماددەى بيست و پێنجەم:**

كاركردن بە حوكمى برگە(١) لە ماددەى نەوەدو يەكەم لە ياساكەدا ڕادەگيرێ وە ئەمەى خوارەوە جێى دەگرێتەوە:-

١/ مێرد لەگەڵ لقى ميراتگرى ژنەكەى چوارەيەكى دەكەوێ و ئەگەر نەيبێ ئەوا نيوەى دەكەوێ. بەلاَم ژن لەگەڵ بوونى لقى ميراتگر ئەوا هەشت يەك دەگرێ و لەكاتى نەبوونيشى ئەوا چواريەك دەگرێ دوايى دەرهێنانى بەشەكەى خۆى كە بەشداريى كردووە لە پێكەوە نانى جێ ماوەكە (التركە) (ميراتەكە) دا.

**ماددەى بيست و شەشەم:**

كار بەهيچ دەقێكى ياسايى يا بڕيارێك ناكرێت ئەگەر لەگەڵ حوكمەكانى ئەم ياسايە ناكۆك بێ.

**ماددەى بيست و حەوتەم:**

لەسەر ئەنجومەنى وەزيران ولايەنى پەيوەنديدارەكان حوكمەكانى ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن.

**ماددەى بيست و هەشتەم:**

ئەم ياسايە لە ڕۆژى بلاَوكردنەوەى لە ڕۆژنامەى فەرمى (وەقائيعى كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

**عدنان موفتى**

**سەرۆكى ئە نجومەنى نيشتمانيى كوردستان ـ عيراق**

**هۆكارەكانى دەركردنى ئەم ياسايە**

بەهۆى گرنگى ياساى بارى كەسييەتى و پەيوەندى ڕاستەوخۆ بە تاك و كۆمەڵ و لە پێناو بەرەوپێش بردنى كۆمەڵگاى كوردستانى و ڕێكخستنى پەيوەنديەكانى خێزان و كۆمەلاَيەتى و دابينكردنى دادپەروەرى و يەكسانى سەبارەت بە مامەلە كردنى كۆمەلاَيەتى و خێزانى و دروستكردنى هەماهەنگى و هاوتەريبى لە نێوان ياساو گۆڕاكارييەكانى شارستانى سەردەمداو بەمەبەستى ڕەنگدانەوەى ئاراستەو ڕوانينى ڕێكخراوەكانى كۆمەڵگەى مەدەنى بۆ بەهێزكردن و زامنكردنى مافەكانى ئافرەتانى و ژنانى كوردستانى و دابينكردنى دادپەروەرى تەواوى نێوان ژن و پياو دووباڵى ژيانى مرۆڤايەتى لە كۆمەڵگەدا ئەم ياسايە دانرا.

ئەرشيفى ڕۆژنامەى وەقائعى كوردستان لە سايتى وەزارەتى داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٧ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٦ /٢٠٠٨/١١ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨
## یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ کاری ئەم یاسایە:–

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: پرۆژە: پرۆژەی دەستووری هەرێم کوردستان.

چوارەم: لێژنە: لێژنەی تایبەتمەند کە بە بڕیاری ئەنجومەن ژمارە (٥) لە ٢٠٠٥/٩/٨ راسپێردراوە بۆ بەدواداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دووەم:**

ئەنجومەن لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی هەرێمدا بە دەسەڵاتی دامەزرێنەر دادەنرێت لەبەرئەوەی سیستەمی فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ١٩٩٢/١٠/٤، کە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦) لە ٢٠٠٢/١١/٧ دا پەسند کراوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانج لەم یاسایە دیارکردنی میکانیزمی دانانی دەستوورێکی هەمیشەییە بۆ هەرێم بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٢٠) لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا.

**ماددەی چوارەم:**

پرۆژەکە بە داڕشتنە کۆتاییەکەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەرکاتێك کۆتایی بەکارەکانی هات لەلایەن لێژنەکەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکایەتی ئەنجومەن داڕشتنی کۆتایی پرۆژەکە لەخشتەی کارەکانیدا دایدەنێ بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی شەشەم:**

پرۆژەکە دەخرێتە بەردەم ڕاپرسی سەرتاسەریەوە دوای پەسندکردنی لە ئەنجومەن بەرەزامەندی بەلای کەمی دوو لەسەر سێ ی ئەندامانیەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەریەتی ژمارەیەکی پێویست لەپرۆژەی دەستووری پەسندکراوی لەلایەن ئەنجومەنەوە، بەو زمانانەی کە لەهەرێمدا قسەیان پێدەکرێ (کوردی . عەرەبی . تورکمانی . سریانی) چاپ بکات بۆ ئەوەی لەڕاپرسیەکی سەرتاسەریدا بیخاتە بەردەستی گەل کە لەماوەیەکی گونجاودا حکومەتی هەرێم بەهەماهەنگ لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات.

**ماددەی هەشتەم:**

١- لەسەر حکومەتی هەرێمە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمدا هەموو پێداویستیەکانی پێویست بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕاپرسی سەرتاسەری بۆ دەستوور لەکاتی دیاریکراودا ئامادەیان بکەن.

٢- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەڵدەستێ بە سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی ڕاپرسی سەرتاسەری لەهەرێمدا.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدە:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچووندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ئەم یاسایە لە ٢٢ی سەرماوەرز ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر١٦ی ذی الحجە ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچوو

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

داننان بە سیستەمی فیدراڵی لە دەستووری عێراق، کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان . عێراق پێی وەریگرتووە بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٢) لە بەرواری ١٩٩٢/١٠/٤ دەرچوو، بۆ پیادە کردنی ئەو حوکمەی لە ماددەی (١٢٠)ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە بەو پێیە ماف بەهەر هەرێمێکی عێراقی فیدرال دەدات کە دەستووری تایبەتی خۆی هەبێ، و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەستووری لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ پەسند کردنی ئەم دەستوورە کە پێویستی بە میکانیزمێك هەیە بۆ پیادەکردنی بەپێی ڕێو شوێنەکان بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆلینەوە**

**ژمارە: ٢٤٤٧٥/٣/٩**

**رێکەوت: ٢٠٠٨/١١/٤**

## رێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٤٦)

**بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو سەر بەوەزارەت**

**ب/ رێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨**

دوا بە دوای رێنمایی داراییمان ژمارە (٢٢/أ) بە نووسراومان ژمارە ١٤٠٣٨ لە ٢٠٠٨/٦/٢٥ تایبەت بە جێ بەجێ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ تکایە تێبینی ئەم برگانەی خوارەوە بکەن:-

١ - برگەی (٢) یەکەم لە ماددەی /١١ بەرژەوەندیە کۆمەڵاتیەکان بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێت (( **دیاری کردنی خەرجی هاوکاری بۆ دەزگا و لایەنە خێرخوازەکان و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی شارستانی برەکەی هەرچەند بێت لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دایە** )) .

٢ - برگەی ٣ و ٤ لە ماددەی ١٢ ( کرینی هەبووەکان جگە لە هەبووەکانی پرۆژە سەرمایەدارەکان ) لە جیاتی دەستەواژەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ، وەزارەتی دارایی دەسەڵاتی دەبێت و بۆ نوژەنکردنەوەی بینای حکومی تاکو بری ( ٢٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) تەنها دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار لە دەسەڵاتی وەزیری تایبەت مەند دەبێت و ئەم دەسەڵاتە خانووی نیشتەجێی فەرمانبەران ناگرێتەوە و لەو برە زیاتر لە دەسەڵاتی وەزیری دارایی دایە .

٣ - برگەی ٥ لە ماددەی ١٢ بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :-

ا - کرینی ئۆتۆمۆبێل لە دەسەڵاتی ئەنجووەمەنی وەزیران دایە و لە رێگای لیژنەی تایبەت لە وەزارەتی دارایی جێ بە جێ دەکرێت.

ب - کرینی زەوی و خانووبەرە لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجووەمەنی وەزیران دایە بەپێی یاسای ژمارە ( ١٢ ) ی ســاڵی ١٩٨١ ی هەموار کراو.

٤ - لابردنی دەستەواژەی کەرتی تایبەت لە برگەی ( ٤ ) لە بەشی ژوارەم ( خەردیەکانی پرۆژەکانی سەرمایەداری )

٥ - پالپشت بە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجووەمەنی وەزیران بە نوسراویان ژمارە ( ٩٢٥٧ ) لە ٢٠٠٨/٨/٢٨ برگە ( ٢١ ) لە ( دەسەڵاتی وەزیری تایبەت مەند و سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ) لاپەرە ( ٢٠ ) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

ا - دیاری کردنی بری سەرپەرشتیاری و چاودێری بە رێژەی ( ٣٪ ) بۆ گوژمەی پرۆژە تـــا ( ٠٠٠ ٠٠٠ ١ ٠٠٠ ) یەك ملیار دینار بەشێوەی گشتی و نابێ کەمتر بێ لە ( ٠٠٠ ٠٠٠ ٥ ) پێنج ملیۆن دینار بۆ ئەو پرۆژانەی ماوەی جیبەجی کردنیان لە ( ٩٠ ) نەوەت رۆژ زیاترە .

ب - رێژەی ( ٢٪ ) بۆ گوژمەی پرۆژە لە نێوان ( ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ١ ) یەك ملیار دینار و ( ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠ ٠٠٠ ) دە ملیار دیناردا بە شێوەی گشتی و نابێ کەمتر بێت لە ( ٠٠٠ ٠٠٠ ٣٠ ) ســی ملیۆن دینار بۆ ئەو پرۆژانەی ماوەی جێبەجی کردنیان لە ( ٣٠٠ ) سێ سەد رۆژ زیاترە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە ماڵپەڕی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ج –رێژەی ( ١٪ ) بۆ گوژمەی پرۆژە لە سەروو ( ١٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) دە ملـيار دينار بە شێوەی گشتی و نابێ کەمتر بێ لە ( ٢٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) دوو سەد مليۆن دينار بۆ ئەو پرۆژانەی ماوەی جێبەجێ کردنيان لە ( ٦٠٠ ) شەش سەد رۆژ زياترە و لە هيچ هيژ حالەتێکدا ئەم گوژمەيە نابێ زياتر بێت لە ( ٥٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) پێنج سەد مليۆن دينار .

د – پەيرەو کردنی زياد کردنی ئەو رێژانەی خاڵی ( ا / ب / ج ) لە ٢٠٠٨/١/١ ەوە بە دەسەلأتی وەزيری دارايی و وەزيری هەرێم بۆ کاروباری دارايی و ئابوری رێژەکان زياد دەکرێت تا دەگاتە (٢٪) بۆ ئەو پرۆژانەی دەست بەکاربوونە پێش ساڵی ٢٠٠٨ و تا ئێستا لە جێ بەجێ کردندان بەپێی ماوەی بە سەرچو و گوژمەی بەکارهاتوو.

ه – رێژەکانی چاودێری و سەرپەرشتياری تەنها پرۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنان دەگرێتەوە.

و – رێژەکانی خەرجی کارگێری کە لە بڕگەکانی ( ا / ب / ج ) ی سەرەوە دەست نيشان کراوە ئەژمار ناکرێت بۆ پرۆژەکانی نووژەن کردنەوە ( صيانە ) کە لە سەر بوودجەی ئاسايی گوژمەيان بۆ تەرخان دەکرێت ، و بەشێوەی جێبەجێ کردنی راستەوخۆ ( تنفيژ مباشر ) جێبەجێ دەکرێت.

ز –چالاکی خزمەت گوزاری و کرينی کەل و پەل و راوێژکاری بە پرۆژە ئەژمار ناکرێت و رێژەی خەرجی کارگێری بۆ دانانرێت .

ح – تەرخان کردنی رێژەی ( ٥٪ ) ی رێژەکانی برگەکانی ( ا / ب / ج ) ی سەرەوە بۆ سەرۆکايەتی ئەنجومەنی ( فەرمانبەرانی هەردوو فەرمانگەی پلان دانان و بەدواداچون ) کە هەڵدەستن بە کارو بەدواداچونی پرۆژەکانی هەرێم بەو شێوەی لە وەزارەتی پلان دانانی عێراقی پەيرەو دەکرێت.

ی – تەرخان کردنی رێژەی (٢٠٪ ) ی رێژەکانی برگەکانی ( ا / ب / ج ) ی سەرەوە بۆ ئەلقەکانی بەدواداچوونی ناو وەزارەت و يەکانيان و لايەنەکانی تر.

٦ – لابردنی دەستەواژەی ( بە رەچاو کردنی برياری سەرۆکايەتی ئەنجومەنی وەزيران ژمارە ٨٩٢٠ لە ٢٠٠٨/٨/٥کە لە برگەی ( ٢ ) خەرجييەکانی ميکانيزم و ريساکانی جێبەجێ کردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ ئاماژەی بۆ کراوە لە لاپەرە ( ٢٥ ) دا ، و کاری پێ نـــــاکرێت.

٧ – لابردنی دەستەواژەی ( پەسەند کردنی تۆماری گشتی رۆژانە لەلايەن دادنوسەوە لە خـــاڵی ٨ لاپەرە ( ٣٦ ) .

٨ – لابردنی برگەکانی ( ا / ب / ج ) لە خاڵی (١١) و ئەژمارکردنی بە برگەيەکی سەربەخۆ و کاری پێ بکرێت.

٩ – لابردنی دەستەواژەی ( لەلايەن فەرمانگەی باجی خانووبەرەی پەيوەنديدارەوە بکرێت ) لە برگەی ( ب ) لە خاڵی (١٥) لاپەرە (٢٧) .

١٠ – لابردنی برگەی (٤١) لە لاپەرە (٣٠) ی ئەم رێنماييە و کاری پێ نەکرێت.

١١ – لابردنی بڕگەی (٨ و ٩ ) لە بەشی سێيەم ( ميلاکات ) لە لاپەرەی (٣٢)ی ئەم رێنماييە و کاری پێ نەکـــرێت.

بۆ زانين و کار پێکردنی............لەگەڵ رێزدا.

**بايز سعيد محمد**

**وەزيری دارايی بە وەکالەت**

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارايـــی**

**ب.گ. دارايی**

**ژمێركاری / ديراسات و لێكۆڵينەوە**

**ژمارە: ٢٤٤٧٥/٣/٩**

**رێكەوت: ٢٠٠٨/١١/٤**

## ڕێنمايـــــی دارايـــــی ژمـــــارە (٤٧)

**بۆ / وەزارەتی پەروەردە / ب – گ - ديوان**

**ب/ دەرمالەی تايبەت**

پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی سەرۆكايەتی ئەنجوومەنی وەزيران ژمارە ( ٣٠١٥) لە ٢٠٠٨/١٠/٢١ و ژمارە (١١٨٥٥) لە ٢٠٠٨/١١/٣ ، بەمەبەستی قەرەبو كردنەوەی مامۆستايانی زەرەرمەند لە سيستەمی نۆيی مووچە بڕياردرا بە :-

١ – خەرج كردنی دەرماڵيەكی تايبەت بە بڕی ( ٠٠٠ ٧٥ ) حەفتاو پێنج هەزار دينار مانگانە بۆ ئەو مامۆستايانەی كە لە پلە ( ٧ و ٨ ) دان.

٢ – ئەم دەرماڵەيە تەنها بۆ ئەو مامۆستايانە خەرج دەكرێت كە بە فيعلی هەڵدەستن بە كاری وانە ووتنەوە .

٣ – ئەم دەرماڵەيە اە گشت مۆڵەتەكاندا دەبڕێت كە زياتر بێت لە ( ٣٠ ) رۆژ .

٤ – ئەم دەرماڵەيە لە بەرواری ٢٠٠٨/٩/١ ەوە خەرج دەكرێت .

بۆ ئاگاداريتان و كار پێكردنی......لەگەڵ رێزدا

**بايز سعيد محمد**

**وەزيری دارايی بە وەكالەت**

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**
**ب.گ. دارایی**
**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**
**ژمارە: ٢٦١٤٤/١٤/٩**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١١/٢٥**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٤٨)

**بۆ / وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ب/مەشقی هاوینە**

بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشەی ژۆنیەتی خەرج کردنی کرێ ی مامۆستایانی سەرپەرشتیاری زانستی قوتابیانی مەشقی هاوینەی زانکۆ و پەیمانگەکان بریاردرا بەم شێوەی خوارەوە بۆیان خەرج بکرێت و تەنها بۆ یەك جار .

| بڕوا نامە | مەشقی یەك مانگ | مەشقی دوو مانگ |
|---|---|---|
| دکتۆرا | ١٢٥ ٠٠٠ سەد و بیست و پێنج هەزار دینار | ٢٠٠ ٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار |
| ماستەر | ١٠٠ ٠٠٠ سەد هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار |
| بەکالۆریۆس | ٧٥ ٠٠٠ حەفتا و پێنج هەزار دینار | ١٠٠ ٠٠٠ سەد هەزار دینار |
| دبلۆم | ٥٠ ٠٠٠ پەنجا هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ حەفتا و پێنج هەزار دینار |

بۆ زانین و کار پێکردنی......لەگەڵ ڕێزدا

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی بە وەکالەت**

---

**وەزارەتـــی دارایـــی**
**ب.گ. دارایی**
**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**
**ژمارە: ٢٦٥٣١/١٤/٩**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١٢/١**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٤٩)

**بۆ / وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**
**ب/دەرماڵەی خیزانداری و منداڵ**

پاڵپشت بە نووســـراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیـــران ژمـــارە ٣٢٨١ لـــە ٢٠٠٨/٨/٢٠ ، پێتان ڕادەگەینین کەوا دەرماڵەی خێزانداری و منداڵ ، ژن و پیاو سەرپشکن لە وەرگرتنی بە مەرجێك یەکیکیان وەری بگرێ.... بۆ ئاگاداریتان و کار پێکردنی لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ ەوە .... لەگەڵ ڕێزدا.

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی بە وەکالەت**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆلینەوە**

**ژمارە: ٢٧٠٣٤/١٤/٩**

**رێکەوت: ٢٠٠٨/١٢/١٤**

## رێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٥٠)

**بۆ / وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/روونکردنەوە**

